# سوره 13: الرعد

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

المر تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ وَالَّذِيَ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ الْحَقُّ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يُؤْمِنُونَ (1)

سەرنجی سەرەتای سوورەتی (البقرة) بدە، ئەمەی لەم کتێبەدا هەیە ئایاتی قورئانە، ئەوەی کە لە (سەرانسەری) ئەم قورئانەدا بۆ تۆ (ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) دابەزیوە لەلایەن پەروەردگارتەوە، ڕاستی و حەقیقەتە، بەڵام زۆربەی خەڵکی باوەڕ ناهێنن.

اللّهُ الَّذِي رَفَعَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لأَجَلٍ مُّسَمًّى يُدَبِّرُ الأَمْرَ يُفَصِّلُ الآيَاتِ لَعَلَّكُم بِلِقَاء رَبِّكُمْ تُوقِنُونَ (2)

خوا ئەو زاتەیە کە بە چاوی خۆتان دەیبینن چۆن ئاسمانەکانی بەبێ کۆڵەکەو ستوون بەرزکردۆتەوەو ڕایگرتووە، لەوەودوا لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی وەستاوە (ئەڵبەتە چۆنیەتی وەستان و تەختی فەرمانڕەوایەتی و گەلێ شتی لەو بابەتانە لەڕادەی بۆچوونی ئێمە بەدەرە، تەفسیری ئەم ئایەتەیان لە پێشەوا مالیك پرسیوە، لەوەڵامدا وتویەتی: وەستانەکە حەقیقەتی هەیە، چۆنیەتیەکەی شاراوەیە، پرسیار کردن دەربارەی بیدعەیە، باوەڕ بوون پێی واجیبە)، خۆرو مانگیشی رام هێناوە، هەریەکەیان لە چەرخ و خولی خۆیاندان بێ وچان تا ماوەیەکی دیاریکراو، هەر ئەو زاتە کاروباری جیهان هەر هەمووی بەڕێ دەکات و ڕێکی دەخات، هەروەها ئایەتەکانی قورئان بە وردی و دووروردرێژی دەخاتە بەرچاو تا بەڵکو دڵنیابن لەوەی کە ڕووبەڕووی پەروەردگارتان دەبنەوە.

وَهُوَ الَّذِي مَدَّ الأَرْضَ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنْهَارًا وَمِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ جَعَلَ فِيهَا زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (3)

هەر ئەو زاتە زەوی پان و بەرین کردۆتەوە (هەرچەندە لە شێوەی گۆدایە)، کەژو چیاو ڕووباری تیادا دابینکردووە، لە هەموو بەروبومێك جووتی فەراهەم هێناوە، شەوی وا لێ کردووە کە ڕۆژ داپۆشێ، بەڕاستی ئا لەو شتانەدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێ کە بیربکەنەوە.

وَفِي الأَرْضِ قِطَعٌ مُّتَجَاوِرَاتٌ وَجَنَّاتٌ مِّنْ أَعْنَابٍ وَزَرْعٌ وَنَخِيلٌ صِنْوَانٌ وَغَيْرُ صِنْوَانٍ يُسْقَى بِمَاء وَاحِدٍ وَنُفَضِّلُ بَعْضَهَا عَلَى بَعْضٍ فِي الأُكُلِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ (4)

لەسەر ڕووکاری زەوی پارچە زەوی جۆراوجۆر هەیە لە پاڵ یەکدا (کە کارکردیان هەیە لە سەر چۆنیەتی و بەرهەمی ڕووەك، جگە لەوەی جیاوازییان، نیشانەن بۆ کانزا جۆراوجۆرەکان)، هەروەها باخات و ڕەزی ترێ، کشتوکاڵی هەمەجۆر لە دانەوێڵەو بێستانەکاندا، دارخورمای یەك قەدو دوو قەد، هەموو ئەمانە یەك ئاو دەدرێن و لەیەك جۆر

ئاو دەخۆنەوە (بەڵام سەرئەنجام ئەو هەموو بەروبوومە جیاوازە لە قەبارەو تام و بۆن و ڕەنگ و شێوازدا، پەیدا دەبن)، وە هەندێکیانمان لە هەندێکی تر بۆ خۆراکی ئادەمیزاد نازدارترو پەسەندتر کردووە، بەڕاستی ئا لەو شتانەشدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێك عەقڵ و ژیریی خۆیان بخەنە کار.

وَإِن تَعْجَبْ فَعَجَبٌ قَوْلُهُمْ أَئِذَا كُنَّا تُرَابًا أَئِنَّا لَفِي خَلْقٍ جَدِيدٍ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمْ وَأُوْلَئِكَ الأَغْلاَلُ فِي أَعْنَاقِهِمْ وَأُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدونَ (5)

ئەگەر تۆ بە شتێك سەرسام بیت و پێت سەیربێ، لەڕاستیدا قسەی ئەو (بێ باوەڕانە) جێگەی سەرسامیە کە دەڵێن: ئایا ئەگەر بوینەوە بە خاك و خۆڵ سەرلەنوێ زیندوو دەکرێینەوە و دروست دەبینەوە؟ ئا ئەوانە (کە ئەو قسەیە دەکەن) باوەڕیان بە پەروەردگاریان نیە، ئا ئەوانە کۆت و زنجیر دەکرێتە گەردنیان (لە قیامەتدا، لەناو دۆزەخدا)، وە هەر ئەوانە نیشتەجێی ناو ئاگری دۆزەخن و هەمیشە دەبێ تیایدا بژین و بمێننەوە.

وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالسَّيِّئَةِ قَبْلَ الْحَسَنَةِ وَقَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِمُ الْمَثُلاَتُ وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ لِّلنَّاسِ عَلَى ظُلْمِهِمْ وَإِنَّ رَبَّكَ لَشَدِيدُ الْعِقَابِ (6)

(لارووێری خوانەناسان گەیشتۆتە ڕادەیەك کە): داوای بەڵاو ناخۆشی دەکەن پێش ئەوەی داوای چاکەو خۆشی بکەن، هەرچەندە لە پێشینانەوە نموونەی تیاچوون و ڕیسوابوونی خوانەناسان زۆرو زەبەندەیە، بێگومان پەروەردگاری تۆ (ئەی پێغەمبەر) خاوەنی چاوپۆشی و لێخۆشبوونە بۆ خەڵکی سەرەڕای ستەمیان (ئەگەر بگەڕێنەوە بۆلای ئیمان و خواناسی)، بەڕاستی پەروەردگاری تۆ زۆر تۆڵەسێنەرێکی بەهێزە (لەو کەسانەی کە دژایەتی بەرنامە بەنرخەکەی دەکەن).

وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْلآ أُنزِلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِّن رَّبِّهِ إِنَّمَا أَنتَ مُنذِرٌ وَلِكُلِّ قَوْمٍ هَادٍ (7)

بێ باوەڕان دەڵێن: خۆزگە بەڵگەو نیشانەیەکی لەلایەن پەروەردگاریەوە بۆ دەهات (کە پێغەمبەری خوایە) بێگومان (ئەی محمد صلى الله عليه وسلم) تۆ تەنها ترسێنەرو بێدارکەرەوەی (ئەو خەڵکەیت، (معجزة) لەسەر داخوازی ئەوانە ئەنجام نادەین) بۆ هەر میللەتێك پێغەمبەرو چاوساغێکمان ڕەوانەکردووە.

اللّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَى وَمَا تَغِيضُ الأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُ وَكُلُّ شَيْءٍ عِندَهُ بِمِقْدَارٍ (8)

خوا چاك دەزانێت کە هەر مێینەیەك چی لە (سکی دا) هەڵگرتووە (نێرە یا مێ، تەواوە، یا ناتەواو، ڕەنگی ڕووخساری، قەبارەی...هتد) هەروەها دەزانێ بەوەش کە دەیپوکێتەوەو لەباردەچێ، وە بەوەش کە زیاد دەکاو گەورە دەبێ، هەموو شتێك لای ئەو زاتە بەئەندازەو پێوانەیە.

عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْكَبِيرُ الْمُتَعَالِ (9)

زانای نهێنی و شاراوەکانە هەروەها زانای ئاشکراو بینراوەکانیشە، زاتێکی زۆر گەورەو بە شکۆو بڵندە.

سَوَاء مِّنكُم مَّنْ أَسَرَّ الْقَوْلَ وَمَن جَهَرَ بِهِ وَمَنْ هُوَ مُسْتَخْفٍ بِاللَّيْلِ وَسَارِبٌ بِالنَّهَارِ (10)

جوونیەکە لای ئەو زاتە، ئەگەر کەسێکتان بەنهێنی قسە بکات، یا بە ئاشکراو دەنگی بەرز، هەروەها (ئاگای) لەو کەسەیە کە لە تاریکیی شەودا خۆی دەشارێتەوە، ئەوەش کە بەڕۆژدا ئاشکراو دیارە.

لَهُ مُعَقِّبَاتٌ مِّن بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ يَحْفَظُونَهُ مِنْ أَمْرِ اللّهِ إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ وَإِذَا أَرَادَ اللّهُ بِقَوْمٍ سُوءًا فَلاَ مَرَدَّ لَهُ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِ مِن وَالٍ (11)

خوا فریشتەی بێ شوماری (بەدیهێناوە) تا چاودێری ئادەمیزاد بکەن لە بەروپشت و (لە هەموو لایەکەوە) بیپارێزن، تا ئەوەی کە ویستی خوایە، هەر ئەوە پێش بێت، بێگومان خوا بارودۆخی هیچ قەوم و گەلێك ناگۆڕێ (لە خۆشییەوە بۆ ناخۆشی، یا لە زەلیلیەوە بۆ سەربەرزیی، یا لە گرانییەوە بۆ هەرزانیی) هەتا ئەوان دڵ و دەروونی خۆیان نەگۆڕن، هەرکاتێکیش خوا بیەوێ بەڵایەك بەسەر هەر میللەتێکدا بهێنێ (لە سەرئەنجامی سەرکەشی و یاخی بوونیان) (هیچ هێزێك) ناتوانێ بەری بگرێ، هیچ کەسیش ناتوانێ جگە لەخوا فریایان بکەوێت و (ڕزگاریان بکات).

هُوَ الَّذِي يُرِيكُمُ الْبَرْقَ خَوْفًا وَطَمَعًا وَيُنْشِئُ السَّحَابَ الثِّقَالَ (12)

هەر ئەو زاتە هەورە بروسکەتان نیشان دەدات، هاوڕێ لەگەڵ ترسدا (بەهۆی ڕوناکی بەهێزو دەنگی سامناکی، کە دەوریان هەیە لە بەپیتکردنی خاکی زەوی و تەقاندنەوەی تۆوەکاندا) هەروەها ئومێدو هیوا بەخشیشە (بە ساڵێکی پڕ بەرەکەت)، هەر ئەو زاتە هەوری قورس و سەنگین بەدی دەهێنێ.

وَيُسَبِّحُ الرَّعْدُ بِحَمْدِهِ وَالْمَلاَئِكَةُ مِنْ خِيفَتِهِ وَيُرْسِلُ الصَّوَاعِقَ فَيُصِيبُ بِهَا مَن يَشَاءُ وَهُمْ يُجَادِلُونَ فِي اللّهِ وَهُوَ شَدِيدُ الْمِحَالِ (13)

هەورە تریشقە (بەدەنگی گەورەو سامناکی) تەسبیحات و سوپاس و ستایشی (بەدیهێنەری دەکات) وە فریشتەکانیش لە ترسی ئەو زاتە (سەرگەرمی تەسبیحات و ستایش و سوپاسگوزارین)، هەروەها (جاری وا هەیە) هەورە بروسکە دەنێرێ و دەیماڵێ بە کەسێکدا کە خوا ویستی لەسەرەو (ڕۆژی تەواو بووە) (جا لەگەڵ ئەم هەموو ئەو بەڵگەو نیشانە بەهێزەدا) ئەوانە هەر دەمەدەمێ و موجادەلەیە (دوور لە بنەمای زانستی) لەکاتێکدا ئەو زاتە دەسەڵاتی زۆر بەهێزەو تۆڵەسەندنی (لە خوانەناسان) توندوتیژە.

لَهُ دَعْوَةُ الْحَقِّ وَالَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ لاَ يَسْتَجِيبُونَ لَهُم بِشَيْءٍ إِلاَّ كَبَاسِطِ كَفَّيْهِ إِلَى الْمَاء لِيَبْلُغَ فَاهُ وَمَا هُوَ بِبَالِغِهِ وَمَا دُعَاء الْكَافِرِينَ إِلاَّ فِي ضَلاَلٍ (14)

(خوا) خاوەنی بانگەوازی حەق و ڕاستیە، بەڵام ئەوانەی هاناو هاوار بۆ کەسێکی تر دەبەن جگە لەو زاتە، هاوارلێکراوان ناتوانن بەهیچ شێوەیەك بەهانایانەوە بێن، مەگەر وەکو کەسێك (کە تینووی بێ و لە دوورەوە) دەستەکانی درێژ بکا بۆ ئاو تا بییات بۆ دەمی، (بەڵام بێ سوودەو) دەستی نایگاتێ، بێگومان دۆعاو نزای کافران هەر لە ناو تاریکی و گومڕاییدا، ون دەبێ.

وَلِلّهِ يَسْجُدُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَظِلالُهُم بِالْغُدُوِّ وَالآصَالِ (15)

هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، لەسەر ڕەزامەندیی خۆیان بێ یا بە ناچاریی سوژدە بۆ خوای بەدیهێنەر دەبەن هاوڕێ لەگەڵ سێبەرەکانیدا لە بەرەبەیان و دەمەو ئێواراندا.

قُلْ مَن رَّبُّ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ قُلِ اللّهُ قُلْ أَفَاتَّخَذْتُم مِّن دُونِهِ أَوْلِيَاء لاَ يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ نَفْعًا وَلاَ ضَرًّا قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الأَعْمَى وَالْبَصِيرُ أَمْ هَلْ تَسْتَوِي الظُّلُمَاتُ وَالنُّورُ أَمْ جَعَلُواْ لِلّهِ شُرَكَاء خَلَقُواْ كَخَلْقِهِ فَتَشَابَهَ الْخَلْقُ عَلَيْهِمْ قُلِ اللّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ (16)

(ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە خوانەناسان) بڵێ: کێ پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەویە؟ (ئەگەر ئەوان بێ دەنگ بوون) تۆ بڵێ –الله- پەروەردگاریانە، (چونکە ئەوانە کەڕو کوێرو لاڵن لەوانەیە دان بەو ڕاستیەدا نەنێن) (جا ئەوە پێیان) بڵێ: ئایا ڕەوایە لەجیاتی ئەو زاتە پشت بە شتی تر ببەستن، لەکاتێکدا ئەوانە تەنانەت بۆ خۆشیان قازانج و زەرەریان بەدەست نیە، هەروەها بڵێ: باشە ئاخر کوێرو چاوساغ وەك یەکن؟!، تاریکی و ڕووناکی چوونیەکن؟! (دیارە کە خوانەناسی و بێدینی کوێری و تاریکی یە، ئیمان و باوەڕو خواناسیش چاوساغیی و ڕووناکییە)، (یان ئەوەندە سەگەردانن، وا دەزانن) کە کەسی تریش هەیە وەك خوا دروستکارو بەدیهێنەر بێت تا سەریان لێ بشێوێت و پەروەردگاری بەدیهێنەر نەناسن؟! (بە دڵنیاییەوە پێیان) بڵێ: (الله) بەدیهێنەرو دروستکاری هەموو شتێکە، وە ئەو زاتە تاکو تەنهاو بەدەسەڵات و توانایە.

أَنزَلَ مِنَ السَّمَاء مَاء فَسَالَتْ أَوْدِيَةٌ بِقَدَرِهَا فَاحْتَمَلَ السَّيْلُ زَبَدًا رَّابِيًا وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيْهِ فِي النَّارِ ابْتِغَاء حِلْيَةٍ أَوْ مَتَاعٍ زَبَدٌ مِّثْلُهُ كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللّهُ الْحَقَّ وَالْبَاطِلَ فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاء وَأَمَّا مَا يَنفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الأَرْضِ كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللّهُ الأَمْثَالَ (17)

هەر ئەو لە ئاسمانەوە باران دەبارێنێ، دۆڵ و نشێوەکان بەڕادەی ئەو بارانە پڕ دەبن لە ئاو (ئەوجا لافاوێك دروست دەبێ)، کە ئەو لافاوە کەفوکوڵی هەڵگرتووە، هەروەها لەسەر ڕووی ئەو کانزایەی کە دەیتوێننەوە بۆ خشڵ وەکو (ئاڵتوون و زیوو پلاتین) یاخود بۆ پێویستی تر (وەکو ئاسن و مس و قوڕقوشم) کەفوکوڵ دروست دەبێ، ئا بەو شێوەیە خوا نموونە دەهێنێتەوە بۆ حەق و ناحەقی، بۆ ڕاست و ناڕاست، جا ئەوەی کەفوکوڵە و بێ سوودو بێ کەڵکە فڕێ دەدرێ و دوور دەخرێتەوە، بەڵام ئەوەی کە سوودبەخش و بەکەڵکە بۆ خەڵکی لەسەر زەویدا هەر ئەوە دەمێنێتەوە، ئا بەو شێوەیە خوا نموونە جۆراوجۆرەکان دەهێنێتەوە، (دیارە کە بەتاڵ و ناحەقی کەفوکوڵن و تەمەن کۆتان، حەق و ڕاستیش ئاوە پاکەکەیە و کانزا بەسوودەکانن).

لِلَّذِينَ اسْتَجَابُواْ لِرَبِّهِمُ الْحُسْنَى وَالَّذِينَ لَمْ يَسْتَجِيبُواْ لَهُ لَوْ أَنَّ لَهُم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُ مَعَهُ لاَفْتَدَوْاْ بِهِ أُوْلَئِكَ لَهُمْ سُوءُ الْحِسَابِ وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمِهَادُ (18)

(هەڵوێستی ئەو خەڵکە لەبەرانبەر بانگەوازی پەروەردگاریانەوە دوو جۆرە) ئەوانەی کە بەدەم بانگەوازی پەروەردگاریانەوە دەچن، هەموو خۆشی و شادیی و کامەرانی و ئاسوودەییەکیان بۆ ئامادەیە، بەڵام ئەوانەی کە بەدەم بانگەوازەکەیەوە ناچن، ئەگەر خاوەنی هەموو (سامان و هەموو شتێك بن) لەسەر زەویدا وە ئەوەندەی تریشی لەگەڵدا بێت، دەیکەنە قوربانی خۆیان و، لە پێناوی ڕزگاریی خۆیاندا دەیبەخشن، چونکە ئەو جۆرە کەسانە بە توندو تیژی حسابیان لەگەڵدا دەکرێت، سەرئەنجامیش، شوێنەواریان دۆزەخە، کە شوێنەوارێکی زۆر ناخۆشە.

أَفَمَن يَعْلَمُ أَنَّمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَبِّكَ الْحَقُّ كَمَنْ هُوَ أَعْمَى إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ الأَلْبَابِ (19)

ئایا ئەو کەسەی کە دڵنیایەو دەزانێ ئەم قورئانەی کە لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆت دابەزێنراوە حەق و ڕاستەقینەیە، وەکو ئەو کەسە وایە کە کوێرە لە ئاستیا؟، بەڕاستی هەر خاوەن بیرو هۆشەکان (لە ڕاستی تێدەگەن و) تێدەفکرن.

الَّذِينَ يُوفُونَ بِعَهْدِ اللّهِ وَلاَ يِنقُضُونَ الْمِيثَاقَ (20)

ئەو کەسانەی وەفا دەکەن و بەئەمەکن لەبەرانبەر هەموو ئەو پەیمانانەوە کە هەیانە لەگەڵ خوای پەروەردگاردا، وە پەیمان شکێن نین و بەڵێن هەڵناوەشێننەوە.

وَالَّذِينَ يَصِلُونَ مَا أَمَرَ اللّهُ بِهِ أَن يُوصَلَ وَيَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ وَيَخَافُونَ سُوءَ الحِسَابِ (21)

ئەوانەی کە هەرچی خوا فەرمانی بە گەیاندنی داوە دەیگەیەنن، وە ترسی پەروەردگاریان هەیە (نەوەکو لێیان بڕەنجێ)، وە لە لێپرسینەوە و حسابی توندوتیژی قیامەت دەترسن.

وَالَّذِينَ صَبَرُواْ ابْتِغَاء وَجْهِ رَبِّهِمْ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلاَنِيَةً وَيَدْرَؤُونَ بِالْحَسَنَةِ السَّيِّئَةَ أُوْلَئِكَ لَهُمْ عُقْبَى الدَّارِ (22)

هەروەها ئەوانەی کە دانیان بە خۆدا گرت و بەئارام بوون لەبەر ڕەزامەندیی پەروەردگاریان، وە نوێژەکانیشیان بەچاکیی ئەنجام دەدەن، وە لەو ڕزق و ڕۆزییەی کە پێمان بەخشیون دەبەخشن، بە نهێنی و بەئاشکرا، وە بەچاکەکاری و شێوازی جوان پاڵ بە نادروستی و هەڵەو خراپەکارییەوە دەنێن، ئەوانە خانوبەرەی (ڕازەوەیان لەبەهەشتا) بۆ ئامادەیە.

جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا وَمَنْ صَلَحَ مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ وَالمَلاَئِكَةُ يَدْخُلُونَ عَلَيْهِم مِّن كُلِّ بَابٍ (23)

باخ وباخاتی بەهەشتی (عدن) (بۆیان ڕازاوەتەوە، بەشادیەوە) دەچنە ناوی، هاوڕێ لەگەڵ هەرکەسێ کە چاك و پاك و خواناسە لە باووباپیران و هاوسەرانیان و نەوەکانیان، وە فریشتەکان دەچن بۆ سەردانیان لە هەموو دەروازەکانەوە.

سَلاَمٌ عَلَيْكُم بِمَا صَبَرْتُمْ فَنِعْمَ عُقْبَى الدَّارِ (24)

(دەڵێن): سڵاوتان لێ بێت بەهۆی خۆگرتنتانەوە (لەبەرانبەر کێشەکانی ژیان، لەبەرانبەر گاڵتەجاڕیی خوانەناسان)، ئای چەندە جێگەو ڕێگەیەکی خۆشتان بۆ خۆتان مسۆگەر کرد.

وَالَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ اللّهِ مِن بَعْدِ مِيثَاقِهِ وَيَقْطَعُونَ مَآ أَمَرَ اللّهُ بِهِ أَن يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِي الأَرْضِ أُوْلَئِكَ لَهُمُ اللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوءُ الدَّارِ (25)

(بەڵام) ئەوانەی کە پەیمانی خوا دەشکێنن دوای ئەوەی کە پێشتر ماڵ بوو لەسەریان (لەسەروو هەموویانەوە پەیمانی فیترەت و بەندایەتی)، هەرچی پەیوەندیەکیش خوا فەرمانی داوە بە گەیاندنی ئەوان دەیبڕن و دەیپچڕێنن، فەسادو گوناهو تاوان دەکەن لە زەویدا، ئا ئەوانە نەفرەت و خەشم و جێگەو ڕێگەی ناخۆش و نالەبار (لە دۆزەخدا) چاوەڕێیانە.

اللّهُ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ وَيَقَدِرُ وَفَرِحُواْ بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فِي الآخِرَةِ إِلاَّ مَتَاعٌ (26)

هەر خوایە کە ڕزق و ڕۆزیی فراوان دەبەخشێ بە هەرکەس کە بیەوێت، وە تەنگ و کەمی دەکاتەوە (بەشێوەیەك کە حیکمەت و دانایی تیا بەدی دەکرێ) کەچی زۆربەی خەڵکی دڵخۆشن بە ژیانی دنیا، لە کاتێکدا کە ژیانی دنیا لەبەرانبەر ژیانی قیامەتەوە (لەبەهەشتی بەریندا) زۆر تەمەن کورت و کۆتایە.

وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْلاَ أُنزِلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِّن رَّبِّهِ قُلْ إِنَّ اللّهَ يُضِلُّ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَنْ أَنَابَ (27)

خوانەناسان دەڵێن: خۆزگە، یان چی دەبوو ئەگەر (معجزة)یەك بۆ محمد صلی الله علیه وسلم لەلایەن پەروەردگاریەوە دابەزیایەو بۆی ئەنجام بدرایە (بە مەرجێ (معجزة) هیچ کات نەبوەتە هۆی ئیمان هێنانی هیچ کەس، بەڵکو بیانویەکەو هەمیشە خوانەناسان وڕکیان لێ گرتووە) پێیان بڵێ: بەڕاستی خوا هەرکەسێك (گوێ بۆ قورئانەکەی نەگرێت) گومڕاو سەرلێ شێواوی دەکات، لە هەمان کاتدا هیدایەتی ئەو کەسانە دەدات (کە بەکوڵ و بەدڵ ڕووی تێدەکەن و بەندایەتی دەکەن.

الَّذِينَ آمَنُواْ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللّهِ أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ (28)

بێگومان ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، دڵ و دەروونیان ئارامی گرتووە بەهۆی یادی خوای پەروەردگارەوە (هەموو دروستکراوێك هەموو دیاردەیەك لە ئاسمانەکان و زەویدا پەروەردگاریان دەهێنێتەوە یاد) بە دڵ و زمان یادی خوای بەدیهێنەرو جوانکار دەکەن و

دڵەکانیان ئاسوودەو خۆشنوود دەبێ، ئاگادار بن کە: هەر بە یادی خواو (پابەند بوون بە ئاینەکەیەوە) دڵەکان خۆشنوود دەبن و دەحەوێنەوە.

الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ طُوبَى لَهُمْ وَحُسْنُ مَآبٍ (29)

ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو کارو کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە بەهەشت و نازو نیعمەتی ڕازاوە جێگەو ڕێگەی خۆش بۆیان ئامادەیە.

كَذَلِكَ أَرْسَلْنَاكَ فِي أُمَّةٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهَا أُمَمٌ لِّتَتْلُوَ عَلَيْهِمُ الَّذِيَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِالرَّحْمَنِ قُلْ هُوَ رَبِّي لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ مَتَابِ (30)

بەو شێوەیە تۆمان ڕەوانە کردووە بۆ سەر ئومەتێك کە پێش ئەمان میللەتانی تریش هەبوون، تا ئەم (قورئانەی) کە بە وەحی بۆمان ڕەوانە کردووی بەسەریاندا بخوێنیتەوە، کەچی (زۆربەیان) باوەڕیان بە خوای میهرەبان نیە، (ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تۆ) بڵێ: ئەو زاتە پەروەردگاری منەو بێجگە لەو خوایەکی تر نیە، من هەر پشت بەو زاتە دەبەستم وە گەڕانەوەشم هەر بۆلای ئەوە.

وَلَوْ أَنَّ قُرْآنًا سُيِّرَتْ بِهِ الْجِبَالُ أَوْ قُطِّعَتْ بِهِ الأَرْضُ أَوْ كُلِّمَ بِهِ الْمَوْتَى بَل لِّلّهِ الأَمْرُ جَمِيعًا أَفَلَمْ يَيْأَسِ الَّذِينَ آمَنُواْ أَن لَّوْ يَشَاءُ اللّهُ لَهَدَى النَّاسَ جَمِيعًا وَلاَ يَزَالُ الَّذِينَ كَفَرُواْ تُصِيبُهُم بِمَا صَنَعُواْ قَارِعَةٌ أَوْ تَحُلُّ قَرِيبًا مِّن دَارِهِمْ حَتَّى يَأْتِيَ وَعْدُ اللّهِ إِنَّ اللّهَ لاَ يُخْلِفُ الْمِيعَادَ (31)

خۆ ئەگەر (لە جیاتی ئەم قورئانە، خوا) قورئانێکی ڕەوانە بکردایە کە کێوەکانی پێ بڕۆشتنایە، یا زەوی پێ هەڵکەنرایەو لەت کرایە، یا مردووی پێ بهاتایە قسەو گفتوگۆی لەگەڵدا بکرایە، (خوانەناسان هەر بڕوایان نەدەکرد) (بەڵام دڵنیا بن) کە هەموو کارێك و هەموو شتێك بەدەست خوایە، باشە ئایا ئیمانداران نائومێد نەبوون (لە بێدین و خوانەناسان، خۆ هیدایەت بەزۆر نیە) خۆ ئەگەر خوا بیویستایە هەموو خەڵکی (ناچار دەکرد) کە هیدایەت وەرگرن، (ئەوانە وەنەبێ ژیانی دنیا بەخۆشی بەرنە سەر) بەڵکو بەردەوام ئەو بێ باوەڕانە تووشی بەڵای سەخت و ناخۆشی دەبن بەهۆی کارو کردەوەو پیشەی خۆیانەوە یاخود نزیك ماڵەکانیان و (وڵاتیان) سەرهەڵدەدەیت (ڕەنگە سەر هەڵدانی ئیسلامەتی لە ڕۆژئاوادا، ڕاستی ئەم ئایەتە بسەلمێنێ)، هەتا بەڵێنی خوا دێتە دی (بە سەرکەوتنی ئیمانداران لە دنیادا، وە سەرفرازیان لە قیامەتدا)، بەڕاستی خوا لانادات لە بەڵێنەکانی و (هەر دەیانباتە سەر).

وَلَقَدِ اسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ فَأَمْلَيْتُ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ ثُمَّ أَخَذْتُهُمْ فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ (32)

(ئەی پێغەمبەر ئەگەر خوانەناسان گاڵتە دەکەن بە تۆ یا بە ئاینەکەی تۆ، خەفەت مەخۆ چونکە) گاڵتە کراوە بە پێغەمبەرانی پێش تۆش، وە من ماوەیەك مۆڵەت بە کافران دەدەم لەوەودوا گرفتاری تۆڵەی خۆمیان دەکەم، مەگەر ئاشکرا نیە چۆن تۆڵەیەکم لێ سەندوون (لە مێژوو بپرسەو سەرنجی ئاسەواریان بدە).

أَفَمَنْ هُوَ قَآئِمٌ عَلَى كُلِّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ وَجَعَلُواْ لِلّهِ شُرَكَاء قُلْ سَمُّوهُمْ أَمْ تُنَبِّئُونَهُ بِمَا لاَ يَعْلَمُ فِي الأَرْضِ أَم بِظَاهِرٍ مِّنَ الْقَوْلِ بَلْ زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ مَكْرُهُمْ وَصُدُّواْ عَنِ السَّبِيلِ وَمَن يُضْلِلِ اللّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ (33)

ئایا ئەو زاتەی کە ئاگای لە کارو کردەوەی هەموو کەسێکەو دەزانێ چی دەکات (وەکو پەرستراوو بتەکانی تر وایە کە خەڵکی هاناو هاواری بۆ دەبەن؟)، لەگەڵ گەورەیی و باڵادەستیی ئەو پەروەردگارەدا نەفامان شەریکیان بۆ خوا بڕیار داوە، پێیان بڵێ: ئادەی باسی ئەو بت و هاوەڵانەم بۆ دەکەن لەجیاتی خوا دەیانپەرستن (یاخود بەهەموو عەقڵێکتانەوە دەتانەوێ) هەواڵێك بە خوا ڕابگەیەنن کە ئەو زاتە نایزانێ؟!!

لَّهُمْ عَذَابٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَلَعَذَابُ الآخِرَةِ أَشَقُّ وَمَا لَهُم مِّنَ اللّهِ مِن وَاقٍ (34)

(ئەوانە) هەر لە دنیادا تووشی سزایەکیان دەکەین، (بەڵام) سزای قیامەتیان زۆر سەختر دەبێ، وە هیچ کەس و هیچ شتێك نیە (لە سزای سامناکی) خوا ڕزگاریان بکات و پەنایان بدات.

مَّثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ أُكُلُهَا دَآئِمٌ وِظِلُّهَا تِلْكَ عُقْبَى الَّذِينَ اتَّقَواْ وَّعُقْبَى الْكَافِرِينَ النَّارُ (35)

وێنەو نموونەی ئەو بەهەشتەی کە بەڵێن دراوە بە پارێزکاران بدرێ (جوان و ڕازاوەو بێ وێنەیە) جۆگەو ڕووبار، ڕەوان و جارییە (بەژێر درەختەکان و بەبەردەم کۆشکەکانیدا)، خواردن و خواردنەوەی (هەمە جۆرو هەمەڕەنگی) بەردەوامە هاوڕێ لەگەڵ سێبەری خۆش و (هەوای سازگارو شنەی شەماڵدا) ئەوەیە سەرئەنجامی ئەوانەی کافرو خوانەناسانیش ئاگری دۆزەخە.

وَالَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَفْرَحُونَ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمِنَ الأَحْزَابِ مَن يُنكِرُ بَعْضَهُ قُلْ إِنَّمَا أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ اللّهَ وَلا أُشْرِكَ بِهِ إِلَيْهِ أَدْعُو وَإِلَيْهِ مَآبِ (36)

(دەستەیەك) لەوانەی کە کتێبی ئاسمانی (تەورات و ئینجیلمان) پێ بەخشیون (شوێنکەوتەی حەق و ڕاستین و شیفتەی فەرموودەی پەروەردگارن، لەبەر ئەوە زۆر دڵخۆش و شادمانن بەو قورئانەی کە بۆ تۆ دابەزێنراوە، هەندێ گرۆو دەستەی تریش هەیە ئینکاری هەندێکی دەکات.. پێیان بڵێ: بەڕاستی من فەرمانی ئەوەم پێ دراوە کە تەنها خوا بپەرستم وە هیچ شەریك و هاوەڵێشی بۆ بڕیار نەدەم، وە (بەردەوام) بانگەواز بکەم بۆلای ئەو زاتە، گەڕانەوەشمان هەر بۆلای ئەوە.

وَكَذَلِكَ أَنزَلْنَاهُ حُكْمًا عَرَبِيًّا وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءهُم بَعْدَ مَا جَاءكَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللّهِ مِن وَلِيٍّ وَلاَ وَاقٍ (37)

هەر بەو شێوەیەی کە (پێشتر کتێبی ئاسمانی ترمان بە زمانی جۆراو جۆر ڕەوانەکردووە) قورئانمان وەکو داوەرێك بەعەرەبیەکی پاراو ڕەوانەکراوە، (جا تۆ ئەی پێغەمبەر لە

ڕۆشنایی ڕێموونیەکانی ئێمەوە بەرخورد بکە لە تەکیانا) وە شوێنی ئارەزووی ئەوان مەکەوە، دوای ئەوەی زانست و زانیاری (تەواوو ڕێك و پێکت پێ گەیوە) چونکە ئەگەر وا نەکەیت کەس ناتوانێت یارمەتیت بدات و لە خەشم و سزای خوا ڕزگارت بکات.

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجًا وَذُرِّيَّةً وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَن يَأْتِيَ بِآيَةٍ إِلاَّ بِإِذْنِ اللّهِ لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ (38)

بێگومان پێش تۆ پێغەمبەرانی ترمان ڕەوانە کردووەو هاوسەرو نەوەشمان پێ بەخشیون، هیچ پێغەمبەرێك بۆی نەبووە بە ویستی خۆی (معجزة) نیشان بدا ئەگەر ویستی خوای لەسەر نەبوبێت، هەموو کارو ڕووداوێکیش کاتی دیاریکراوی خۆی هەیە.

يَمْحُو اللّهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ وَعِندَهُ أُمُّ الْكِتَابِ (39)

هەرچیەك ویستی خوای لەسەر بێت بە نەمانی، (لە کتێبی ئاسمانی، یا ڕووداوو بەسەرهاتەکان) لەناوی دەباو دەیکوژێنێتەوە، یا دەیهێڵێتەوەو پایەداری دەکات، سەرچاوەی تۆمارکراوی هەموو ڕووداوەکان لای ئەو زاتەیە، یاخود خوا ئاینە پێشوەکان لە مەیداندا ناهێڵێت و دواهەمین ئاین و بەرنامەی کە ئایینی ئیسلامە دەیچەسپێنێ و پایەداری دەکات.

وَإِن مَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاَغُ وَعَلَيْنَا الْحِسَابُ (40)

جا ئەگەر هەندێ لە هەڕەشەکانی خۆمانیان بۆ پێش بێنن و بەچاوی خۆت ببینی، یاخود بتمرێنن و سەرئەنجامی (ئەوان نەبینی)، (بەوە خەفەت مەخۆ، چونکە) تۆ تەنها گەیاندنی پەیامەکەت لەسەرە، لێپرسینەوەش لەسەر ئێمەیە.

أَوَلَمْ يَرَوْاْ أَنَّا نَأْتِي الأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَا وَاللّهُ يَحْكُمُ لاَ مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِ وَهُوَ سَرِيعُ الْحِسَابِ (41)

(خوانەناسان نابینن) کە چۆن ئێمە لەملاولای زەوی کەم دەکەینەوە (دەسەڵاتی خوانەناسان ناهێڵن لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای زەوی دا، سەرئەنجام بەرنامەو ئوممەتی میانڕەو سەردەخەین)، وە خوا خۆی فەرمانڕەوایی دەکات و (گۆڕانکارییەکان تاوتوێ دەکات)، کەس ناتوانێت موحاسەبەی بکات و کۆسپ بێنێتە ڕێی، وە ئەو زاتە زۆر بە خێرایی هەموو شتێك تاوتوێ دەکات و لەهەموان دەپرسێتەوە.

وَقَدْ مَكَرَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَلِلّهِ الْمَكْرُ جَمِيعًا يَعْلَمُ مَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ وَسَيَعْلَمُ الْكُفَّارُ لِمَنْ عُقْبَى الدَّارِ (42)

بێگومان (خوانەناسانی) پێش ئەمان پیلانیان گێڕا، (بەمەرجێ هەموو) پیلانەکانیان هەر هەمووی لای خوا ڕوون و ئاشکرایە، دەزانێ هەموو کەس چی دەکات و چی دەستپێشکەری دەکات، بێ باوەڕو خوانەناسانیش لە ئایندەدا دەزانن کە سەرئەنجامی ئەم جیهانەو ئەو جیهانەش بۆ کێ دەبێت.

وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَسْتَ مُرْسَلًا قُلْ كَفَى بِاللّهِ شَهِيدًا بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَمَنْ عِندَهُ عِلْمُ الْكِتَابِ (43)

بێ باوەڕو خوانەناسان دەڵێن: تۆ پێغەمبەرو ڕەوانەکراوی خوا نیت، (لەوەڵامیاندا) بڵێ: هەر خوا بەسە کە شایەت بێ لە نێوان منیش و ئێوەشدا، هەروەها ئەو کەسەش کە شارەزای قورئانە.